# ڕاستگەرای نوێی کورد*

مۆژگە کووچووک کەلەش ــ سەلیم کۆرو
و: هێرۆ شیخە

**سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لە سیاسەتی باڵی ڕاستی کوردانی تورکیا کە خۆی وەک دژبەری حکوومەت و ئەفسانەی ئازادیی پەکەکەی چەپ پێناسە دەکات، دەکرێ ببێتە وەرچەرخانێک لە سیاسەتی ئەو وڵاتەدا**

نوێترین تێکهەڵچوون لە تورکیا لە نێوان دەسەڵاتی ئەو وڵاتەو هێزی ئۆپۆزیسیۆن، گرژییەکانی زانکۆی بۆغازیچی بوو کە یەکێکە لە ناسراوترین زانکۆکانی ئەو وڵاتە لە ئیستانبوڵ. حکوومەت بە پێچەوانەی ویستی کارگێڕان و خوێندکارانی زانکۆ، سەرۆکی بۆ دەستنیشان کردوون کە ئەوەش لە چەند مانگی ڕابردوودا نارەزایەتیی لێ کەوتووەتەوە. پارتی دێموکراتی گەلان (هە دە پە)، پێشکەوتنخوازترین حیزب و لایەنگری کوردانی ئەو وڵاتە، بەهێزترین پشتیوانی ئەو نارەزایەتییانەیە.

هەندێ کورد ئەمەیان بە دڵ نیە و پێیان وایە نابێ وا بێت. سدقی زیلان، پارێزەر و شرۆڤەکاری سیاسی لە تویتێکدا نووسیویەتی: "کوردینە و گەنجانی کورد، خۆتان لەو شەڕە بەدوور بگرن؛ زانکۆ هی ئێوە نییە، نە سەرۆکی زانکۆ باوکی ئێوەیە، نە وڵات و نە حکوومەتەکەی ... بۆ پەروەردەی کوردی ئارەقە بڕێژن، بۆ ئازادیی گەلی خۆتان. بەدەرلەمانەش شپرزەیی و دەستێوەردانێکی سیاسی هەیە. ئێوە کەسانێک نین بتوانن حکوومەت بەدەستەوە بگرن."

ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە تا ڕادەیەک لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زەق بووە کە چەپترین شوێنکەوتووانی بزووتنەوەی کورد هەستیان کرد پێویستە کاردانەوەیان هەبێت. سەبیحە تەمیزکان، ڕۆژنامەنووس و کچی پارلمانتاری بەندکراوی هەدەپە، لەیلا گۆڤەن، لە توویتێکدا نوسیویەتی: "هەندێ کەس دەڵێن کورد نابێ پشتگیریی بۆگازیچی بکات. دەڵێن ئەوان (ئۆپۆزیسیۆنی تورک) بێدەنگییان هەڵبژارد کاتێک سەرۆکایەتیی شارەوانییە کوردەکان لەسەر کارلادران و لایەنگرانی حکوومەت لە شوێنیان دانران. ئەمە جاری یەکەم نییە تووشی ئەم جۆرە بۆچوونانە دەبین. ئێمە داکۆکی لە مافی گرووپێکی دیاریکراو ناکەین. داکۆکی لە ڕاستی دەکەین. لێرەش دووبەرەکی مەنێنەوە."

بۆگازیچی نوێترین کێشەی لەم جۆرەیە — کوردانی سەر بە بیروبۆچوونی هەدەپە ناچارن زیاتر و زیاتر ڕوونکردنەوە بدەن، کاتێک تێکەڵ بە کێشەیەکی پەیوەندیدار بە خەڵکی غەیری کورد دەبن. کاتێک پەرلەمانتارانی هەدەپە لە دژی هەڵکەندنی کانگایەکی زێڕ کە دەبووە هۆی پیس کردنی ژینگە وەستانەوە، ژمارەیەکی زۆر کورد سەرکۆنەیان کردن بەوەی تووشی سەرلێشێواوی بوونە. هاوپەیمانە تورکەکانیان لەکوێ بوون ئەو کاتەی بەنداو و پرۆژەکانی وەبەرهێنان، جوانیی مێژوویی و سروشتیی ناوچەی کوردستانیان تێکدەدا؟ ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکی بەربڵاوترە لە سیاسەتی کوردانی تورکیەدا. ڕەوتێک سیاسەتی کوردان بەرەو ڕاستگەری هان دەدات.

بۆ تێگەیشتن لە گرینگیی ئەم گۆڕانکارییە، سەرەتا پێویستە لە ڕادەی سەروەریی سیاسەتی باڵی چەپ لەناو کوردی تورکیا تێبگەین. لە ماوەی شەڕی سارددا کورد بە نەریتی مارکسیستییەوە دەناسرانەوە، لەبەر ئەوەی گەورەترین کەمینەی نژادیی ئەو وڵاتە بوون، لە هەندێک لە هەژارترین ناوچەکان دەژیان، هەروەها مافەکانیان لەلایەن حکوومەتێکی هاوپەیمانی ناتۆوە زەوت دەکران.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە کۆتاییەکانی ۱۹۷۰ دامەزرا و بە مەبەستی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ، دەستی بە شەڕ لە دژی حکوومەتی تورکیا کرد. لە ناو تورکیا بە خێرایی لە هەموو

گرووپە کوردییەکانی دیکە باڵادەستتر بوو و بووەتە دەنگی سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی لەو وڵاتە لە ماوەی چەند دەیەی دواییدا. یەکەم حیزبە یاساییەکان لە ١٩٩٠ ەکان سەریان هەڵدا، کاتێک هۆگرانی بیری پەکەکە بۆ یەکەمجار وەک سەرۆک شارەوانی لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و هەروەها ئەندامی جڤاتی نەتەوەیی لە ئەنکارا هەڵبژێردران. پلە و پێگەی بەڕیوەبەری بۆ سیاسەتوانانی کورد تا ئەم ڕۆژەش بیانوەیەک بووە بۆ قەدەغە کردن یان بەند کردنیان. لە ١٩٩٩ دەسەڵات ،عەبدوللە ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکەی دەستگیر کرد. ئەمە چەخماخەی وەرچەرخانێک لە ڕێوشوێنی پەکەکە لە مارکسیستیی نەریتییەوە بۆ کۆمۆنیستێکی پێشکەوتنخوازتر بوو. لە ٢٠٠٠ەکان سیاسەتەکەی لە جیابوونەوە لە تورکیا بۆ وەدەستخستنی ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی یان "ئۆتۆنۆمیی دیموکڕاتی" لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا گۆڕا.

لە هەمان کاتدا، کوردە ڕاستگەراکان کە لە سەرۆک عەشیرە، مامۆستایانی ئایینی و کۆنەپارێزەکان پێکدێن، بەشیوەیەکی نەریتی پشتگیریی حیزبە ڕاستە ناوەندگەرا تورکەکان دەکەن. ڕیشەی ئەم پشتگیرییەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرەشەی پەکەکە لە توێژی خاوەن زەوی لە ناوچەی کوردستاندا. ڕاستگەرای کورد لە نەوەدەکانەوە پشتگیرییەکەی بۆ حیزبە ئیسلامییە تورکەکان گۆڕی. لێرەدا ئەمان دەیانتوانی خۆیان بە بەشێک لە "ئۆمەتی" ئیسلامی ببینن و بەرەنگاریی کەمالیستە سیکۆلارەکان و نەتەوەخوازیی زۆرەملێی ببنەوە.

## کوردی ڕاستگەرا دەیانهەویست بە نکۆڵیکردن لە شوناسی کوردی، پشتگیریی حکوومەت وەدەست بخەن

لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی داد و گەشەپێدان لە ٢٠٠٠ەکان، کوردی ڕاستگەرا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە بەرانبەر ئیسلامیزمی تورکیدا چۆکی دادا و لە بنکەکانی هەڵبژاردنی ئەردۆغاندا بێدەنگیی هەڵبژارد. ئەگەرچی ئەمە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دەستیان بە سەرچاوەی زۆر گەورە ڕابگات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبووە هۆی ئەوەی ئەو دۆخە گرنگە لە دەست بدەن کە لە ١٩٩٠ەکان وەدەستیان خستبوو. هەموو کات کێشە و ناکۆکی لە نێوان ڕێبەرانی کوردی کۆنەپارێز و سەرکردەکانی ئاک پارتیدا هەبووە. لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لە سەرەتاکانی ٢٠١٠ کاتێک پەرلەمانتارانی ئاک پارتی داوایان کرد ڕاپرسی لە سەر زمانی کوردی بکرێ، یەکێک لە نووسەرانی ئەم وتارە بە چاوی خۆی دیتی کە یەکێک لە سەرکردە تورکەکانی ئاک پارتی، دڵنیایی پێدان کە "کەس نایهەوێت ئەوە هەڵبژێرێت و هەموو خەڵکی ئێمە دەیانهەوێت منداڵەکانیان فێری تورکی ببن و بچنە زانکۆ گەورەکان". ترس لە چەپەکان، ڕاستگەرای کوردی بە شێوەک شڵەژاندبوو کە دەیانهەویست بە نکۆڵی لە شوناسی کوردی پشتگیریی حکوومەت وەدەست بخەن.

لەهەمان کاتدا چەپی کورد بەردەوام لە بەرویێشچووندا بوون. لە سەرەتاکانی ٢٠١٠ دوو ڕووداوی سەرەکی، پێناسەی سیاسەتەکەیانی دەکرد. یەکەم، ئاک پارتی دەستی بە پرۆژەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە کرد. دووەم، هەدەپە گیانێکی نوێی وەبەر بزووتنەوەی کوردی نابۆوە. ئەگەرچی دڵنیایی لێی ئەستەمە بەڵام نزیکەی نیوەی کوردی تورکیا دەنگیان دا بە هەدەپە، لە حاڵێکدا نیوەی نیوەکەی دیکە کە زۆرینەیان کۆنەپارێز بوون، دەنگیان دا بە ئاک پارتی. بەراورد لەگەڵ حیزبەکانی بەر لە خۆی، هەدەپە زیاتر لە هەموویان خۆی وەک حیزبێکی "خەڵکی وڵاتی توکیا" ناساندووە نەک وەک

حیزبێکی "تورک". ئەمە پێکەوەبەسترانەوەی سیاسەتە پیشکەوتنخوازەکان و دۆزی کورد پێشان دەدات. شوناسێکی نوێ دەرفەتی بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕەخساند تا ئاستی سێهەمین حیزبی گەورەی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٥ دا گەشە بکات. ئەمە هەروەها هەدەپەی کردە بەربەستی سەرەکیی ڕوانگەی نەتەوەپەرەستانەی حکوومەتی ئەردۆغان.

لە ٢٠١٥ەوە حکوومەت وازی لە پرۆسەی ئاشتی هێناوە و شەڕێکی بێ ئەمانی لە چەندین بەرەوە لە دژی پەکەکە دەست پێکردووە. پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵات ئازاری شەڕی درێژماوە و وێرانبوونی شارەکانیان لە لایەن سوپای تورکیاوە چێشتووە. شەڕ بە خێرایی بۆ بەشی باکووری سوریا پەرەی سەند، واتە ئەو شوێنەی کە لقەکانی پەکەکە ڕێگەیان نەدابوو دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) داگیری بکات. پاش ئەوە شەڕ بۆ ناو خاکی عێراق کێشرا، واتە ئەو شوێنەی پەکەکە ماوەیەکی زۆرە بنکەی لێ داناوە. ئامانج لەوەش، وەک لە میدیای تورکیا بە بەردەوامی ئاماژەی پێ کراوە، دڵنیابوونەوەیە لەوەی کورد خاوەنی هیچ ناوچەیەکی سەربەخۆ نەبێت کە بتوانێت پەرەی پێ بدات و بیکاتە وڵاتێک لە دراوسێتیی تورکیادا.

لە ناوخۆی تورکیا، حکوومەت پارێزبەندیی لە پەرلەمانتارانی هەدەپە سەندەوە. ڕێبەر و سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی زیندانی کرد و چالاکانی سیاسی و جەماوەریی لایەنگری هەدەپەی بە توندی سەرکوت کرد. ڕێبەری کاریزماتیکی هەدەپە، سەلاحەدین دەمیرتاش لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٦ ەوە دەستبەسەرە و تەنیا دەتوانێت جاروبارە نامەیەک بنێرێت و تویتێک بۆ میلۆنان لایەنگری بکات. سەرەڕای هەموو ئەو تاکتیکە سەرکوتکارانەیە، هەدەپە دەیان کورسیی شارەوانیی لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی ساڵی ٢٠١٩ بردەوە. بەڵام حکوومەت، بە سانایی دەستی بەسەر زۆربەیاندا گرت و چەند دانەیەکی بۆ هێشتنەوە. لە هەمان کاتدا، میدیای سەرەکیی تورکی، مۆرکی تیرۆریست بوونی لە هەدەپە و هەموو ئەو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنانە داوە کە هاوکاریی ئەو حیزبە دەکەن. لە گوتاری حکوومەتدا وا دەردەکەوێت کە "هەدەپە بەم ڕێوشوێنانە وەتەنگهاتووە". ئەگەرچی کوردی تورکیا لە بەرپەرچدانەوەدا شێلگیرن، بەڵام ئەو زنجیرە پەلامارانە بوونەتە هۆی ئەوەی هەستی تێکشکان لە ناو کوردی تورکیادا سەرهەڵبدات.

لە چەقی ئەو قەیرانە لە سیاسەتی کوردیدا، گوتارێکی نوێ لە باڵی ڕاستدا سەری هەڵدا کە چیدیکە بەوە قایل نەبوو هاوبەشێکی بێدەنگی باڵی ڕاستی دەستەڵاتداری تورک بێت. ڕاستگەرای نوێی کورد خۆی وەک دژبەری حکوومەتی تورکیا و ئەفسانەی ئازادیخوازانەی چەپی پەکەکە پێناسە دەکات. بە پێچەوانەی ڕاستگەرای نەریتیی کورد، ئەم ڕەوتە نوێیە بەلای سیاسەتەکانی ئانکارادا ناشکێتەوە. ئەمەیان گوتارێکی کولتوورییە کە بە مەوداگرتن لە ئەنکارا، هەوڵ دەدات جۆرێک ئۆتۆنۆمی بەدەست بێنێت. ئەم ڕەوتە ئامانجی بەهێزکردنی وشیاریی نەتەوەیی کورد و ساڕێژکردنی ئەو هەستی بروابەخۆبوونەیە کە لەم کۆتاییانەدا بریندار کراوە. ئەم ڕەوتە پێکهاتووە لەو ئیسلامگەرایانەی کە لە ئاک پارتی بێهیوابوون، لە کوردانی نەتەوەخواز و هەروەها کوردە مەزهەبییە کۆنەپارێزە لیبراڵەکان. بەڵام زیاتر لەم بازنەیە و تەنانەت بۆ نێو هەدەپەش دزەی کرووە.

بۆ کورد کە هیلاکی دەستی ئایدیۆلۆژیا جیهانییەکانە، ئەمە بانگەوازێکە بۆ ئەوەی ڕوو لە ناوخۆ بکەنەوە. ئەمانە وەک جۆرەکانی دیکەی نەتەوەخوازی، زۆر تامەزرۆی ڕەسەنایەتین وهەروەها جەخت لەسەر بەها دێرینەکان، نەژاد، نەتەوە، ئایین و بە هەند وەرگرتنی وڵات وەک سەرچاوەی هێز

دەکەنــەوە. ئــەم جــۆرەی نەتەوەخوازیی بە پێچەوانەی زۆربەی نەتەوەخوازییەکانی دیکە لەم قۆناغــەدا لە بیرۆکــە دوژمنکارانەکانیدا زێدەڕۆیی ناکات.

بە پێی ئــەوەی باس کرا، بــێ دەوڵەت بوونی کوردان سەرچاوەی هەموو کێشەکانیانە و بوونــی دەوڵەتێکــی کوردی دەســپێکی چارەســەریی هەمــوو کێشــەکانیانە. ئەوەی ڕوونە تورکەکان دەوڵەت و ســوپا، پەروەردە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکەیان هەیە. بەڵام کورد لە ئاســتێکی نزمتــردا لە ناو ئەو پێکهاتەیەدا دەژین و ناچارن چاویان لە مەیل و بەزەیی نەتەوەیەکی دیکە بێت بۆ وەرگرتنی مافەکانیان. باســکردن لە "برایەتی"ی نێوان تورک و کورد یان شوناسی هاوبەشیان وەک مســوڵمان، تەنیا بۆ داپۆشینی بە کەمزانینی زاتیی کوردانە. کەواتە دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان کــورد و تورکدا بەدی نایەت، لەبەر ئەوەی پێگەی سیاســیی یەکســانیان نییە. تەنیــا کاتێک کــورد خاوەنــی دەوڵەت بن، ئەو یەکســانییە وەدی دێت و ئەگەری هەیە پەیوەندییەکی ئاســایی لە نێوانیاندا دروست بێت. ئەوەنــدەی کورد داوای یەکســانی لە چوارچێوەی ئــەو وڵات و دەوڵەتەدا دەکەن، ئەوەنــدە داوای بوونی دەوڵــەت و کیانێکی کوردی ناکەن.

بــە پێی ئەم بۆچوونانــە، هەدەپە زیاتر و زیاتر وەک کولتوورێکی خۆ- ڕەتکردنەوە لێی دەڕوانرێت (واتــە ناکۆکییە هزرییەکانی زیاتر دەردەکەوێت). زۆربەی دەنگدەرانی ئەم حیزبە کوردن، بــەڵام ڕەتی دەکاتــەوە خۆی وەک نوێنەری کوردانی تورکیە دەربخات. ڕوانگەی چــەپ و دنیابینیی ئەو حیزبــە وای کردووە ئاستی داواکارییەکان و پێویستیی دەوڵەتێک بۆ کوردان زیاتر خــۆی بنوێنێ. ئەوان هەوڵ بۆ حکوومەتێکی دیموکراتیک و یاســایی بۆ هەموو خەڵکــی تورکیــا دەدەن، کەچی بە پارێزەوە دەستەواژەی نەتەوە بەکاردێنن. ئەو حیزبە هەردەم هاوســەرۆکی ژن و پیاوی لە پلــەی بەڕێوەبەرایەتی (ســەرۆکانی حیزب، ســەرۆکی شــارەوانییەکان و هتد)دا هەیە و دوایین هاوسەرۆکەکانی پیاوی کورد نەبوون.

بۆچوونی گەنجانی ڕاستگەرای کورد دژی ئەوەیە. ئەوان دەپرسن بۆچی کورد دەبێ شان بداتە بەر قورســایی خەباتــی دیموکراتیکی تورکیــا؟، بۆچی ئەندامانی کــوردی هەدەپە لە بەندیخانــەدا بچەوســێنرێنەوە لەکاتێکدا ئەندامانــی تورکــی ئــەو حیزبە بــە ئازادی دەگەڕێن؟، بۆچی کاتێک جوتیارە تورکەکان لە پارێزگای ساکاریا هێرش دەکەنە سەر کرێکارە کــوردەکان، چەپترین تورکــەکان لە جیاتی ناوی ئەم هەڵســوکەوتە بنێن نژادپەرســتی، پێــی دەڵێن تێکهەڵچوونی چینایەتی؟، ئەوان ســەرەڕای هەموو ئاســتەنگییەکان، لە ڕێی پەرەدان بە شوناسی کوردییەوە، بەرپەرچیان دەدەنەوە. لەنێو کوردەکاندا ئێســتا زیاتر ئەوە باوە خۆیان بسەلمێنن و بناسێنن و، هەروەها هــان دەدرێن هەوڵ بۆ پێشخســتنی خۆیان بدەن، وەبەرهێنان بکــەن، خۆیان پەروەردە بکــەن، زمانی کوردی فێر بــن (کە بە هۆی چەندیــن دەیە ســەرکووت، زۆربەری لاوانی کورد لە تورکیــا ناتوانن بە کوردیەکی ڕەوان قســە بکەن)، لە کۆتاییدا جیهانبینیی خۆیان پەرەپێبدەن.

## لە حاڵێکدا کولتوری پەکەکە شــەهید بوون وەک بەرزترین پلەی قوربانیدان بە پیرۆز دەزانێت، ڕاستگەراکان پرسێکی ئەم دنیابیتریان هەیە

لە حاڵێکدا کولتووری پەکەکە شــەهیدبوون وەک بەرزتریــن پلەی قوربانیــدان بە پیرۆز دەزانێــت، ڕاســتگەراکان پرســێکی ئــەم دنیاییتریــان هەیە. ئەمان وشــیارن لەوەی بایەخــی خەباتی چەکداریــی پەکەکە کەم نەکەنەوە، بــەڵام بە شــێوەیەکی هێمادار و شــاراوە، نارەزایەتییان بە گیان لەدەستدانی

خەڵکی کورد دەردەبڕن. لە ئەنجامی ئەمەدا ڕاستگەراکان دووبەرەکییان خستووەتە ناو توێژی مامناوەندی کورد، توێژێک کە لە ناو هەدەپەدا خەریکە پەرە دەستێنێ و لە سیاسەتی ڕادیکاڵی چەپ دووری کردوونەتەوە. پیاوێک کە لە تەمەنی سییەکانیدایە و لە دیاربەکر دەژیت و لە ڕابردوودا چالاکڤانی هەدەپە بووە دەڵێت: "ناکرێت چاوەڕوانی لە خەڵک بکەی بەردوام قوربانی بدەن. ئەم نەوەیە نایەوێت شەڕ بکات. بە دوای شتە جوانەکان و خۆشییەوەیە." لاوێکی دیکەی دیاربەکری دەڵێت: "ماندووم لە باسوخواسی بەردەوامی مەرگ. ئەگەر بڕیارە بمرین دەبێ لە پێناو کوردستاندا بمرین. من نامهەوێ لە پێناو دیمۆکراتیزەبوونی تورکیادا بمرم." لێرە مەبەست لە وشەی "ئێمە" ژیانی کورد بەگشتییە، کە بە هۆی ئەوەی ئاستی ژیانیان بۆ توێژی مامناوەند بەرزبووەتەوە و ژیانێکی ئاسوودەتریان هەیە، شتێکیان بۆ لەدەست دان هەیە.

ئەم هەست و بۆچوونانە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی کۆمپانیای (Raw-est Research)ە، کە سەرنجی داوەتە ڕەوتی "ناڕادیکاڵکردن" لە نێو لاوانی کورد لە تورکیا. ئەمە واتا ئەم لاوانە نایانهەوێت بەشداری لە خەباتی چەکداریدا بکەن. بە پێی لێکۆڵینەوەکە، ئەم پرۆسەیە لەگەڵ مەیلی پتەوکردنەوەی شوناسی کولتووری هاوتەریبە. بۆ نموونە، کاتێک شارەوانیی ئیستانبوڵ کە لە دەستی ئۆپۆزسیۆندا بوو، کۆرسێکی زمانی کوردیی کردەوە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا پڕ بووەوە.

هەندێک لە دیارترین دەنگەکانی ئەم گوتارە لە توێڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن. گەنجان پێیان وایە ئەوانەی ژیانیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی لاوان وشیار بکەنەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ بیرۆکە شۆڕشگێڕانە و یونیڤێرسالیستییەکان (جیهانییەکان) بەرچاوروونییان پێ بدەن، لە حیزبەکان کاریگەرترن. لەوانەیە ئیبراهیم خەلیل باران، سەرۆکی پارتی کوردستانی (PAKURD)، دانیشتووی هەولێر، ناودارترین شۆڤەکار لەم بوارەدا بێت. ئەم شۆڤەکارە کە پارتە بچووکەکەی لە تورکیا تۆمار کراوە، هەروەها پێشکەشکاری ناسراوی پۆدکەستێکیشە لە داخۆیانییەکەیدا دەڵێت: "ئەگەر زمانی من بناخەی دەوڵەتی تۆ دەهەژێنێت، مانای وایە تۆ دەوڵەتت لەسەر خاکی من دروست کردووە." ئەمە کە لە توێڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە، هەندێ جارەگوترێت گوتەی کەسایەتیی مێژوویی و ناودار ئاپێ موسا (موسا عەنتەر)، نووسەری بەوەجی کوردە، کە ژاندارمە تورکەکانی لقی زانیاری و ئۆپەراسیۆنی تایبەت، ساڵی ١٩٩٢ کوشتیان. باران ئاخری لەمە ماندوو بوو و لە تویتێکدا گوتی: "وشەکانم وەک دیارییەک پێشکەش بە ئاپێ موسا دەکەم."

داخۆیانییەکەی باران لە توێڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگی داوەتەوە؛ وەک گوتەیەکی ڕەسەنی ئەفسانەیی کە لە ناخی ئەو بەرخودانە سیاسییەی بەرسەریدا سەپێنراوە، هەڵقوڵاوە. باسی "برایەتیی گەلان" کە هەدەپە داوای دەکرد، شکست دێنێ.

کوردی ڕاستگەرا دەیهەوێت هەدەپە بگۆڕێت، نەک لە سندووقی دەنگداندا بەرەنگاری ببێتەوە. لە دوای ئەوە، هەنگاوێک لە خەبات کردن بۆ گۆڕانی سیاسیی کتوپڕ لە تورکیا بکشێتەوە و ڕوو لە ناوخۆ بکات. ئەمە بە واتای کشانەوەیە لە بابەتە سەرەکییەکانی وەک خەبات لە پێناو دیمۆکراسی لە تورکیا، وەک ئازادیی ڕاگەیاندن، سەربەخۆیی زانکۆ، پاراستنی ژینگە و گەڕانەوە بەرەو چوارچێوەی کوردستان.

خاڵی هەرە لاوازی هەدەپە کە لە هەموو کێشەکانی گەورەترە، پەرەپێدانی زمانی کوردییە. ئەگەرچی ئەم حیزبە، پشتگیری لە

پەروەردە بە زمانی کـــوردی لە قوتابخانەکان دەکات، بەڵام هێشـــتا نەیتوانیوە بیکاتە کاری لەپێشـــینەی خۆی. زۆرینەی نـــەوەی نوێی دانیشـــتووی شـــارە کوردییەکان بە کوردی نادوێـــن کە ئەمە ترسـ‌ـێکی خســـتووەتە نێو رووناکبیرانی کورد سەبارەت بە مەرگی زمانی کوردی بە هۆی ئەو ئاسمیلەبوونە بەربڵاوەی لەئارادایە. ئەمە بووەتە هۆکاری وەرێخســـتنی چەندین کەمپەیەنـــی پەیوەندیدار بە ویژە و پەروەردە بە زمانی کوردی و هەروەها دروست کردنی هەزاران ماڵپـــەڕ، بەرهەم و گۆڤار کە ئامانجیان گەشـــاندنەوەی کولتوور و مێژووی کوردە. رێکخـــراوی ناحکوومیی بزووتنەوەی زمانی کـــوردی (HEZKURD) لە دیاربەکر، یەکێک لەو دامەزراوانەیە بە ئاشکرا رەخنە لە هەدەپە دەگرێت و دەڵێت: "دەتوانێت سەدان هەزار کەس لە گۆرەپانی گشـــتی کۆبکاتەوە بۆ ڕۆژی مـــەی (May Day) بەڵام داواکاریی زۆری کوردان بۆ مافەکانیان سەبارەت بە زمان نابیسێت". هەدەپە کە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی رەخنەکاندایە، ئاخرســـەر کۆمیســـیۆنێکی لە پەرلەمان بۆ پێشخســـتنی پەروەردە بە زمانی کوردی رێکخست و وانەی زمانی کوردیی بۆ ئەندامانی باڵای دانا.

گوشـــار بۆ ســـەر هەدەپە تەنیا لە لایەن لاوانـــی راســـتگەراوە نییە. لە مـــاوەی چەند ســـاڵی رابردوودا، زۆربەی رووناکبیرانی باڵی چەپی کورد، رەخنەیان لـــەو حیزبە گرتووە. ئەمانـــە کە بنەمای فکریان لـــە بۆچوونەکانی بیرمەندانی پۆســـتکۆلۆنیاڵ وەک فرانز فانێن (Franz Fanon) و ئاشـــیلێ بێمبێ (Achille Mbembe) پێکهاتـــووە، پێیـــان وایە خەباتی کـــورد هێشـــتا نەگەیشـــتووەتە ئاســـتێک بتوانێت ئاوێتەی بیرۆکە جیهانییەکانی وەک ئۆتۆنۆمیـــی دیمۆکراتیـــک بێت. ســـەبارەت بـــە پێکەوە ژیانـــی ئاشـــتییانە لەگەڵ تورک لە ســـەر ئەو بڕوایەن ئەمـــە بۆیە کەڵکی لێ وەردەگیرێـــت بۆ ئەوەی هەوڵـــی بەردەوامی تورکی پێ داپۆشـــن کە دەیەوێ کوردستان هەمیشە ژێردەستە بێت. ئەمەیان ژینگەیەکی جیاواز لەوەی ســـەرەوەیە. ئەوان کەسانێکن زیاتر بە بنچینەکانی هەدەپەوە دەناســـرێنەوە و خۆیان بە خاوەنی ئـــەو حیزبە دەزانن. ئەو خاڵەی کوردی ڕاستگەرا و چەپگەرا لەسەری کۆکن ئەوەیە پێویســـتە لە رووی سیاسییەوە ســـەبارەت بە شوناسی کورد هەستیارتر بن و کەمتر ئانکاراگەرا بن.

## به ڕای لاوانی ڕاستگەرای کورد، هەدەپە میراتی ڕابردوویەکی ساویلکانەیە

بۆچوونیان ســـەبارەت بە هەدەپە جیاوازییان پێشان دەدات. بە ڕای لاوانی ڕاستگەرای کورد، هەدەپە میراتی ڕابردوویەکی ساویلکانەیە، ئەو کاتەی کورد پێیان وابوو دەتوانن دەســـەڵات لەگەڵ تورکەکان بەش بکـــەن. بە بۆچوونی چەپگەراکانیش، هەدەپە ئاشکراکردنی ناوادەی ئاواتەکانیـــان بۆ داهاتوویەک بـــوو کە تێیدا خەباتی سیاســـیی کورد گەیشتبێتە ئاستێک کە بتوانێت هەوڵی جیهانیبوون بدات.

ئەگەر هەدەپە بەرگەی سەرکوتکارییەکانی حکوومـــەت بگرێت، لە ئەنجامـــدا گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ئاراســـتەی سیاســـەتی کوردیدا ڕوودەدات. ئەو گۆڕانکارییە، هەروەها لەوانەیە تورکی چەپ ناچار بکات بەرەو پێکهاتەیەکی رێکخراوەیی گەشـــە بکات. ئەحمەد شـــک، یەکێک لە چەپترین تورکە ناسراوەکان، کە لە سەر لیستی هەدەپە هەڵبژێردرا، ئەو حیزبەی بەجێهێشـــت لەبەر ئـــەوەی ناکۆکی لە نێوان لایەنـــە چەپەکانی ناو حزبەکـــە و لایەنگرانی پێداگری لەســـەر شوناسی کورددا هەبوو. ئەو کە ئیستا ئەندام پەرلەمانێکی سەربەخۆیە، لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی: "تورکیە پێویستی بە حیزبێکە لە نێـــوان جەهەپە ( گەلی کۆماری تورکیا، ســـەرەکیترین بەرهەڵســـتکاری ئاک پارتـــی) و هەدەپەدا." واتـــا حیزبێک تورکە پێشـــکەوتنخوازەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت

و پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ هەدەپە دامەزرێنێت کە ئەو کات ئازادە کارەکتەرێکی کوردانەتری هەبێت.

ئەم بیرۆکەیە لە ناو گرووپە دژبەرەکاندا هەرای زۆری نایەوە، بەڵام هێشتا ئەنجامێکی سەرنجڕاکێشی نەبووە. لەم ساتەوەختەدا پێشکەوتنخوازانی تورکیا هێشتاش خۆیان بە بزووتنەوەی کوردییەوە دەبەستنەوە، هەرچەند وێناچێت بزووتنەوەی کوردی مەیلی بێت لەمە زیاتر لەگەڵ خۆی بیانبات.

ئەمە لە حاڵێکدایە حزبە کوردییەکان لە هەوڵدان باڵی ڕاست دامەزرێنن، بەڵام ئەستەمە بە فەرمی بناسرێن. لە دانیشتنێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ( کەدەپە) دا، سەرۆکی ئەم حیزبە، ڕەشید ئاکجی، پێویستیی بوونی حیزبی سەر بە باڵی ڕاست ئاوا شی دەکاتەوە: "دەنگدەران گوتیان ئەوان کۆنەپارێزن بەڵام هیچ حیزبێکیان نییە بتوانن دەنگی بدەنێ. ئێمە ئەم حیزبەمان دامەزراند بۆ ئەوەی بژاردەیەکی سێیەم بدەین بەو دەنگدەرانە، بژاردەیەکی سەربەخۆ لە ئاک پارتی و هەدەپە. ئامانجی ئێمە فیدراڵییە، فیدراڵی بۆ کوردستان." تا ئێستا کەدەپە لە تورکیا لە کۆتاییی ڕیزبەندی ئەو حیزبانەدایە کە بە هاوکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە. ئەو حزبە هاوشێوەی نموونەکانی پێشترە، گرووپێکی بچووکە بە بێ پشتگیرییەکی جەماوەریی بەرچاو.

پارتی کوردی- ئیسلامی ئینسان و ئازادی (PIA) ڕێکخراوێکی دیکەیە گرینگی بە دەرکەوتنی ڕاستگەرای کورد دەدات. ئەو حیزبە داکۆکی لە مافە کولتوورییەکانی کورد دەکات و باوەڕی بە "دەستپێشخەری لە یەکگرتوویی" لەگەڵ تورک هەیە، بەو مانایەی مافی ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی و سەربەخۆیی بۆ کوردان پارێزراو دەبێت. ئەمەشیان گرووپێکی بچووکە کە مەبەستی، گەشەکردن لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بەرەو بوون بە ئەکتەرێکی سیاسییە. بە پێی ڕاپۆرتەکان کەدەپە لە فێبریویێری ٢٠٢٠ داواکاریی پێشکەشی وەزیری ناوخۆ کردووە، لە کاتێکدا PIA سێ ساڵ پێش داواکاریی پێشکەش کردووە بەڵام هیچیان وڵامیان نەدراوەتەوە. ئەگەر وڵامیشیان بدرێتەوە ئاستەمە وڵامێکی ئەرێنی بێت.

زۆربەی کورد لە داهاتوویەکی نزیکدا ناوبانگی هەدەپە بەم جێگرەوانە ناگۆڕنەوە. ئەگەر حیزبی کوردستانی لەم چەشنە دامەزرابان و گەشەیان کردبا، لەوانەبوو هەندێک لە دەنگەکانی هەدەپە بۆلای خۆیان ڕابکێشن، بەڵام زیاتر وێدەچێت دەنگەکانی ئاک پارتی کە دەنگی کوردانی کۆنەپارێزی هەیە، بۆخۆیان ببەن. لەوانەیە هەر ئەمەش هۆکار بێت حکوومەت ئیزن بە بوونی بچووکترین ئەکتەری لەم چەشنە نادات. لەوانەیە وا بیربکاتەوە ئەگەر بڕیار بێت دەنگی کوردەکان لە ئاک پارتی و ئەردۆغان بسەندرێنەوە، دەبێ لە بری حیزبە کوردییەکان، بدرێنە حیزبە کۆنەپارێزە تورکەکانی ئۆپۆزیسیۆن. ئەگەر وانەبێت، حیزبە کوردییەکان بە باڵی ڕاست و چەپەوە دەبنە مەڵبەندێکی نوێی سیاسی و دەتوانن ڕێڕەوی نوێ بۆ زیاتر لێک جیاکردنەوەی کولتووری کورد و تورک بکەنەوە.

ئاک پارتی لە کۆنەوە گوتوویەتی نوێنەرایەتیی "کوردی ڕاستەقینە" لە تورکیا دەکات، لە کاتێکدا ئەوانەی سەر بە نەریتی "پەکەکە"ن، بەرهەڵستکارانی خودانەناسن کە هزری شارۆمەندانیان ژەهراوی دەکرد. لەوانەیە بەردەوام بوون لەسەر ئەم گوتارە، هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی بەردەوامی کوردی ڕاستگەرا ئاستەم بێت.

*. Küçükkeleş, Müjge and Selim Koru (2021), “The New Kurdish Right,” in New Lines Magazine, Online access: https://newlinesmag.com/argument/the-new-kurdish-right/